# ئایین و تێگەیشتن

سەید کامیل چاپاش

ئایین و مەزهەب یەکێك لەو دیاردانە بووە کە بە درێژایی سەرهەڵدانیان لەناو مرۆڤەکان مەوزووعێکی بەرفراوان و جیگەی باس و لێکدانەوە و تێگەیشتنی جواروجۆر بووە. ئەگەر رووداوەکانی مێژوو بێنینە بەرچاومان بە روونی دەبینین کە ئایین لەو فاکتەرە گرینگ و بەرچاوانەیە کە هێندێك کات کاریگەری سەداسەدی لەسەر چۆنیەتیی واقع و رووداوەکان بووە.

رەنگە تەنیا مەوزوعێك کە مرۆڤایەتی بەگشتی، موافق یا موخالف، داکوکیکەر یا دژەکانی بە خۆوە سەرقاڵ کردبێ (ئایین) بووبێ. زۆرێك لەبیرمەندانی رۆژئاوایی وەکوو (سامۆیل هانتینگتۆن) لەسەر ئەو باوەرن کە شەری جیهانی سێهەم، شەر و پێکدادانی شارستانیەتەکان دەبێ. ئەو بۆچوونەش دەربرینی قسەیکی سەرزارەکی و ئاسایی نییە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیکی زۆر لە بارودۆخی جیهان بەگشتی و شارستانیەتیەکان هاتووە ئاراوە و وریایی دانێکە بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

ئەگەر بمانهەوێت بەشێوەییێکی خێرا بگەرییینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینە جۆراوجۆرەکان و ئامانج لەهاتنیان و رەوڵ و کاریگەرییان بەگشتی، لەسەر شێوەی ژیان و بەرەوپێش چوونی مرۆڤ، دەبینین(دیارە مەبەستی سەرەکی من لەو سێ دینە ئاسمانیەیە"اسلام ،مەسیحیەت و جولەکە" ئەگینا کۆمەلێك دینمان هەبووە و هەیە کە ئیستاش پەیرەوانی خۆیان هەیە وەکوو بودایی، کونفۆسیۆس ( لەوەڵاتی چین رەواجی بووە) زەردەشتی و هیندووسی و چەندین ئاینزا و ئیتنی تر، ئەو گرینگی پێدانە بەو سێ ئاینە ئاماژەپێکراوە، بە تایبەتی ئایینی ئیسلام دەگەرێتەوە بۆ ئاسمانی بوون و زیاتر بە حەق دانانی ئەو ئایینانە لەلایەن پەیرەوانیەوە) کە لەو ساتەوە مرۆڤ بۆ زانینی چاکە و خراپە و عەداڵەت و ناعەداڵەتی و لە رێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و هەڵسووکەوتەکانی لەگەڵ یەکتر تووشی گرفت هاتووە، بەردەوام پێویستی بە رێگەچارە و بەرنامەی باشتر و شیاوتر بووە لەقوناغ و کاتەکانی رابردووی. هەر بۆیە خوای گەورە و دلۆڤان لەهەر قۆناغ و لەناوتیرە و رەگەزە جیاوازەکان پێغەمبەرێکی رەوانە کردووە بۆ پێوەندی مرۆڤ بە خودا و دەستوورەکانی و بۆرێنوێنی و رێکخستنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەکدی تا بتوانن بەتەبایی و ئاسایش و خێر و خۆشی لەپەنا یەکتر بەختەوەر بن. ئەوە تەنیا رەساڵەتێك بووە کە پێغەمبەرانی ئایینی لەسەر شانیان بووە. بە دڵنیایەوە دەتوانیین بڵێین کە تەواوی پێغمبەران تا رادەییێك لەپێکانی ئامانجەکەیان سەرکەوتوو بوون و توانیان هەرکام بەشێك لە مرۆڤایەتی بو رێی راست هیدایەت بکەن و بە هێنانی کۆمەڵێك بەها و مورالی بە نرخ و بە سود مرۆڤایەتی لە ژیانی ئاژەڵی و تاریکی و تێنەگەیشتووی رزگار بکەن و هەرکامەیان بەدوای خۆیان شارستانیەت و تەمەدوونێکیان دروست کرد کە ئێستاش بە تێگەیشتنی دروست دەتواندرێ خێر و بێری هەبێ بۆ باوەردارانی هەرکام لەو ئایینانە. ئەوە مرۆڤەکانن کە بە تێگەیشتنی هەڵە ئایینیان خەوشدار کردووە. (ووشەی "تێگەیشتن" بەراستی دەبێ لەسەری هەڵوەستین و مەووزعێکی زۆر گرینگە کە لەدرێژەی بابەتەکە دێمەوە سەری).

باسمان کرد کە بە هاتنی کۆمەلێك بەها کە تا پێش هاتنی ئایینەکان ووجوودیان نەبوو ژیانی مرۆڤایەتی ئاڵوگۆرێکی بەرینی لەلایەنی پۆزەتیڤەوە بەسەرداهات و هاتنی ئایین تەم و مژی لەسەر زۆرێك لەراستیە جوانەکان هەڵدایەوە، بەڵام دەردەسەری و بەدبەختی باوەرداران لەوساتەوە دەستی پێکرد کە هەرکامەیان دەسکاری ئایینەکەیانیان کرد و پێیانەوە نا و لێیان کەم کردەوە وکەوتنە وێزەی یەکدی و هەرکامەیان حەقیقەتی تەواویان لەلای خۆیانەوە دەدی و لایەنی بەرانبەریان بە ناحەقدا دەنا. ئەوەبوو بۆ رەواجی رێگەی خۆیان خورافاتیان هێنا ناو ئایینەکانەوە و هەرکام لەباوەرداران، حەقانیەتێکی لەرادەبەدەریان بەخشی بە رێبازەکەی خۆیان و بۆ ئەوەی کە پشتیوانی و پشت ئەستورییێکی زیاتر بۆ خۆیان دروست بکەن دەستیان کرد بە دروست کردنی شتی ناراست لەدژی یەك و ئەوانەی خۆشیان خستە ناو خانەی فانتازیا و دوور لەراستی. ئەو فەرهەنگە تا هات، لەناو پەیرەوانی ئایینە جیاجیاکاندا پەرەی پێدرا و بوو بە هۆی پەرەستاندنی تێگەیشتنێکی تەواو غەلەت و دوور لەراستی و کۆمەلێك دیاردە و باوەری ناشیرین و دوور لەبەهای بەرزی مەعنویات و ئایینیی خستە ناو خەڵکەوە، رێك بە پێچەوانەی پەیامی ئایین و ئامانجەکەی کە لەسەرەتاوە مەبەستی بوو و بۆ ئەو خۆی دەرخستبوو.

درێژەی ئەو رەوتە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی چەندین شەری خوێناوی لە نێو ئایینەکان و زەرەر و زیانێکی قورسی بەدواوە بوو، چاندنی تۆوی دووبەرکی بوو بە هۆی دوورکەوتنەوەی مرۆڤەکان لەیەکتر و لەدژی یەکتر کارکردن. هەنووکەش ئەو تێگەیشتنە خراپە بۆتە مایەی کارەسات و زەربە لێدان لە ئایین و ئەو پەیامە خواییە، هەم لە لایەن باوەردارن و هەم بێباوەران بە ئایین، بە لاّم ئەوەش دەبێ بڵێین تێگەیشتنی غەلەت لە ئایین لەلایەن باوەرداران زۆرزیاتر زیانی هەبووە و هەیە بۆ ئایین و باوەرداران بە تێگەیشتنێکی پێچەوانە کەبۆتە هۆی ئەو گشتە دەمارگرژییەی پەیرەوانی، پلەی بەرزی پەیامی مەعنەوی و روحی خواییان نزم کردۆتەوە.

بەراستی ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە پێداچوونەوە بە تێگەیشتنەکانمان بکەین لەئایین و هەوڵ بدەین لە ناوەرۆکی ئەو پەیامە رۆحی و مەعنوویەی ئایین بگەیین؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لەتەعسووباتی ووشك و توند دووری بکەین و واقعبینانە بیر بکەینەوە؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەو ئاڵوگۆرە بەرینانەی کە بەسەر ژیانی مرۆڤایەتی داهاتووە ببینین و خۆمانیان لەگەڵ رێك بخەین و دووری بکەین لەدەمارگرژی و رەدکردنەی ئەوانی تر و لەهەمان کات بە دروستی و لەناخی دڵەوە پارێزگاری لە دینمان بکەین و ئەو پێوەندییە نادروست و پر لەریایە، لەگەڵ خوداوەند بکەینە پێوەندییکی ئەویندارانە و قووڵ؟

ئەوانە کۆمەڵێك پرسیارن کە مرۆڤی باوەردار دەبێ بەرەورووی خۆیانی بکاتەوە و تا وەڵامی مەنتیقی و دروستی دەست نەکەوێ هەدا نەدا. بەتایبەتی باوەرداران بە ئایینی ئیسلام کە بە گریمانەی ئەوەی کە دوایین دین و کاملترین دینی خواییە و بەرەو دەمارگرژی پەلکێش کراوە دەبێ لە ئایینەکە و سەرچاوگەکە وورد ببنەوە و چەوت و چەوێڵی لێ فرێ بدەن و دێنە راستەکە بخەنە بەرنامەی کاریان و کەم بڵێین بەرنامەکانی تر بەسەر چوونە.

لەسەرەوە ئاماژەمان بەو کرد کە کێشەکە ئەو کاتە سەری هەڵ دا کە شوێن کەوتووانی رێبازە جوێ جوێکانی ئایینەکان حەقانییەتێکی لەرادەبەدەریان بە خۆیان دا و بوونە هۆی ئەوە قسەی دوور لەراستی و خورافات بێتە ناو ئایین و لەدرێژەی ئەو پرۆسەیەش دا رێگە بۆ تێگەیشتنی جۆراوجۆر و هێندێك کات غەلەت رەخسا و هەر کەسە بە پێی تێگەیشتنی خۆی یان پەیرەوی لە رابردووەکان کە زیاتری دیندارانی ئێستای ئێمە شوێن کەوتووی رابردووەکانی خۆیانن، ئایینیان وەرگرتووە و پەیرەوی لێ دەکەن، هەروەك چوون زیاتری بێباوەرانی بە ئایین و مەعنویات ئێستا، شووین کەوتووی جێگەیێکی ترن.

بەباوەری من وەهمی سڕینەوەی سیمای ئایین لەسەر گۆرەپانی ژینگەی مرۆڤایەتی هەروەك ئیستا کۆمەڵێك بانگەوازی بۆ دەکەن مەحاڵە و هەرگیز ئایین ناسردرێتەوە، چونکە بە تەواوی ئاوێتەی ژیانی رۆژانەی خەڵك بووە و بۆتە بەشێك لە کەلەپوورمان ، ئەو واقعیەتەش بە تێپەرینی هەزاران ساڵ لەکاتی سەرهەڵدانی ئایینەکان بە روونی دەردەکەوێ. ئەوانەی کە دەڵێن دەبێ دەستووراتی دین بگۆردرێ و لەگەڵ سەردەمی ئیستا کە سەردەمی مودێرنیزم و پێش کەوتنی زانست و پێوەندییەکانە بگونجێندرێن، ئەوانیش بە تەواوی بۆی نەچوون، چونکە قەوانین و دەستووراتی دین لەسەرتاوە کە هاتووە هەڵەی تێدانەبووە بەڵکو ئەوە تێنگەیشتن و دەسکارییەکان بوونە هۆی ئەوە کە سیمای دین لە نەرمی و خۆشەویستی بکەنە کۆمەڵێك قەوانینی ترسهێنەر و دژوار، ئەگینا ئەگەر بە چاوێکی رەخنەیی بروانینە کۆمەڵێك لە دەستورات و حوکمە باوەکانی ئێستا و بە روانگەییێکی واقیعبینانەتر پێیان دابچینەوە بە تەئکید دەبینین کە ئایین نەتەنیا هیچ دژایەتێکی لەگەڵ ئەو چەمکە باوانەی ئێستا کە لەناو مرۆڤایەتی دا بە بێ ویستی کەس لەحاڵی پەرەسەندن دان، نییە وەکوو مودێرنیزم و و مافی مرۆڤ و دیموکراسی .. و هتد، بەڵکو لەگەڵ دین پشتیوان و تەواوکەری یەکدین.

پێشتر ئیشارەییێکی بچووکمان بە یەکێك لە فاکتەرەکان کرد کە لەئەنجامی هەڵایسانی شەر و ناکۆکی، ناراستی خۆی خزاندە ناو ئایین و بوو بە هۆی خراپ تێگەیشتنی باوەرداران لە ئایینەکانیان، ئەگینا پەیامی خوا بێ هەڵە و ئاسمانیە، ئەوە تێگەیشتنی ئێمە هەڵە و مرۆڤانەیە. بۆ وێنە لەدینی ئیسلام دا بە جێی ئەو گشتە قانونە سەخت و ناعادیلانەیەی کە ئێستا سەبارەت بە ژنان رەواجی هەیە و بۆتە ئامرازێك بۆ هێرش کردنە سەر دین و پێشان دانی سیمای ناعادیلانەی دین لەلای کۆمەڵێك مرۆڤ و بە تایبەت ژنان، ئێمە بۆ ئەوە نەکەینە میلاك کە بە هاتنی دینی ئیسلام کچان و ژنان لە زیندوو بەچاڵ کردن لەلایەن پیاوانەوە رزگاریان بوو، یان ئەو حەدیسەی پێغمەری ئیسلام (ص) 'خیارکم خیارکم لنسائکم' بە واتای چاکترینی ئێوە ئەوانەتانن کە چاکترن بۆ ژنەکانتان و هەروەها لەسورەیێکی تر خوا لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ : "ان اکرمکم عندالله اتقاکم، باشترینی ئێوە لەلای من بە تەقواترینی ئێوەیە" هەر ئەو ئایەتە دەست ئاوەڵە دەکا بۆ رەواندنەوەی ئەو روانگە نزمەی ئێستا کۆمەڵێك لەباوەرداران بە ئیسلام سەبارەت بە ژنانیان هەیە و ئەوە دەردەخا تەنیا خاڵی جیاوازی مرۆڤەکان لەهەر تیرە و رەگەز و جینسیەتێك رادەی کارە باشەکانیانە و بەس. یا دووبارە کۆمەڵێك لەباوەرداران بە ئیسلام دەڵێن، خواردنی دەستی کەسێکی مەسیحی یا جو حەرامە. ئایا ئەوە و وێنەی تر هەموو لە ئەنجامی شەر و ناکۆکی لە نێو دینەکان دا خۆیان نەخزاندۆتە ناو دین؟ کەوایە دەبێ ئەو نەوعە تێگەیشتنە لە دین بگۆرین و خۆرافات و ناراستی بسڕینەوە لە ئایین و بە چاوێکی ئاوەڵاترەوە بڕوانین. پاشان بۆ کەم کردنەوە دەمارگرژی و تەعسووباتی ووشك دەبێ لەو حەقانیەتە بێ ئەم لاو ئەولایەی بە خۆمانی دەدەین کەم کەینەوە و فەرهەنگی یەکتر قەبووڵکردنمان بەهێز بکەین و لەگەڵ ئەو حەقیقەتەی کە بە خۆمان و ئایینەکەمانی دەدەین روحیەتێکی فرەلایەنی و فرەحەقیقەتی لەخۆمان دا پەروەردە بکەین و بگەینە ئەو رادەیەی کە ئەوانی تریشمان پێ بەشێك لە حەقیقەت بێ، تا ئەو ئاستەی کە حەقیقەتی خۆمان لەپەنا حەقیقەتی ئەوانی تر پێ راستر و جوانتر بێ. ئەوەش بەمانایە نییە کە ئێمە پاشگەز بینەوە لە باوەرەکانی خۆمان و هەرگیز بەو مانایەش نییە کە ئێمە لەسەر دینەکەی خۆمان لەرزوك و بی دەربەست بین و لەوە ترسمان بێ ئەگەر ئەو بیرکردنەوە لە ناومان دا جێگیر بێ ئایین و باوەرەکەمان دەکەوێتە مەترسی لەناوچوون و یان بەرەو کزی دەروات، بە دڵنیایەوە بە پێچەوانەی ئەوە دەبێت و ئەمجار خەڵکێکی زیاتر لە حەقیقەتی ئایین دەگەن و شێوەی خواپەرەستی و ئایینپەروەری راستەقینە دەگرنەبەر. پەیامی روحی و مەعنەوی خوایی ئەو کاتە بە تەواوی دەچێتە ناو ناخی دەروونمان کە خۆمان لە دوگم و داخراو بوون بپارێزین و بە دڵێکی فراوانەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ یەکدی بکەین بە بێ لەبەرچاو گرتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و لەبیری نەکەین کە هەر کەسەو وەڵامدەری خۆیەتی و بەس.



## نوێنەرانی وەڵاتانی جوراوجۆر لەشورای مافی مرۆڤ رژیمی ئیرانیان مەحکووم کرد

لەکۆبوونەوەی شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووکان لەژنۆ، نوێنەرانی وەڵاتانی جوراوجۆر لەباسەکانی خۆیاندا سەبارەت بە مافی مرۆڤ، رژیمی ئاخوندیان لەبەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کرد. لەباسەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، باڵوێزی ئیسلۆنی لەشورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووکان وەکوو سەرۆکی دەورەیی یەکیەتی ئورووپا، راگەیەندراوێکی خوێندەوە کە تێیدا پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بە تایبەت پێشێل کردنی مافی ژنان و ئیعدامی بەربڵاوی لاوانی لەلایەن رژیمی ئاخوندیەوە مەحکووم کرد. لەو راگەیییندراوەدا، یەکێتی ئورووپا بە دەربڕینی نیگەرانی قووڵ لەبەردەوامی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەئێران و لەبەرچاو نەگرتنی یاسای نێونەتەوەیی، ئیعدام کردنی لاوان، جیاوازی دینی و شکەنجە و ئازاری موخالیفانی سیاسی لەئێران مەحکووم کردوە. لەو کۆبوونەوە دا باڵوێزی کانادا بە خوێندنەوەی راگەیێندراوێك لەبارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران گووتی: کانادا نیگەرانی خۆی لەبارەی خراپتر بوونی مافی مرۆڤ لەئێران دەردەبڕیتەوە. لەراگەییندراوی کانادا دا داوا لەرژیم کراوە کە هەر جۆرە شکەنجەیێك لەدژی مرۆڤەکان رابگرێ و کۆتایی بە ئیعدام کردنی لاوان بهێنێ. لەکۆبوونەوەی شورای مافی مرۆڤ لەژنۆ، باڵوێزی فەرانسە گووتی: فەرانسە لەبارەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران زۆر نیگەرانە. لەراگەیێندراوی فەرانسەدا سەبارەت بە جیاوازی دینی و فشاری توند لەدژی ئازادی ڕادەربڕین و زیادبوونی ئیعدام و شکەنجەی پارێزەرانی مافی مرۆڤ نیگەرانی دەربڕدراوە. باڵوێزی بریتانیاش بە دەربڕینی نیگەرانی لەبارەی مافی مرۆڤ لەئێران، داوای لەرژیمی ئاخوندی کرد رێز لەمافی هاووڵاتیانی بگرێت و بە ئیعدام کردنی لاوان لەژێر ناوی لات و لوت و هەروەها فشار بۆسەر تێکۆشەرانی ماڤی مرۆڤ کۆتایی بهێنێ. باڵوێزی بلژیکیش گووتی: بلژیك بە شێوەی تایبەت نیگەرانی بارودۆخی مافی مرۆڤە لەئێران. ڕای گشتی لەبلژیك سەبارەت بە ئیعدامی بەربڵاو لەئێران نیگەرانی قووڵی پێوە دیارە. باڵوێزەکانی هۆڵەند، ئیرلەند و ئوستڕالیاش لەقسەکانیان دا پێشێل کردنی مافی مرۆڤیان لەلایەن رژیمی ئاخوندیەوە مەحکووم و ریسوا کرد.